# حوكمی شەرعی وەرگرتنی قەرز لە بانكە نێو دەوڵەتیەكان

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الحكم الشرعي لأخذ القروض من البنوك الدولية

< كردي >

## فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی شەرعی وەرگرتنی قەرز لە بانكە نێو دەوڵەتیەكان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** ئایا حوكمی شەرعی ئەو قەرزەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەیەوێت وەری بگرێت لە بانكە نێو دەوڵەتیەكان چیە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

گومانی تێدا نیە كە قەرز وەرگرتن لە سندوقی تەختی نێودەوڵەتی، یان هەر بانكێكی ئەهلی تری نێو دەوڵەتی بێت، بە سوود و ڕیباوە دەبێت، واتا : ئەو بانكە نێو دەوڵەتیەی كە قەرزەكە دەدات بەو وولاتەی كە داوای قەرزی كردووە، بە خێر و حەسەنات پێی نادات، بە شێوەیەك كە سوود و ڕیبای نەخەنە سەر، كەواتە هەموو لایەك دڵنیایە ئێستا هەر حكومەتێك لە بانكی تەختی نێو دەوڵەتی یان هەر بانكێكی تر قەرز وەربگرێت، مانگانە و ساڵانە زیادە و سوود و ڕیبای دەچێتە سەر، پێغەمبەری خودایش (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { كل قرض جر نفعا فهو ربا } [ رواه الإمام احمد ]، واتا : هەر قەرزێك سود و زیادە بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەوا ئەو زیادە وەرگرتنە ڕیبایە، ئەم فەرمودەیە و چەندان فەرموودەی تریش بەم مانایە، وایان لە زانایانی شەرع زان كردووە، بیكەن بە قاعیدە وبنەمایەكی شەرعی لەم بوارەدا .

دیارە سوود و ڕیبا خواردنیش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا یەكێكە لە گوناهو وتاوانە گەورەكان و هەڕەشەی توندی لەسەرە، خوای گەورە لەبارەی ئەو كەسانەوە كە سوود وڕیبا دەخۆن فەرموویەتی: ﴿ يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴾ [ البقرة : 276 ] .

واتا : خوا، سوو، تەفروتونا دەكات و بەرەكەتی لێ هەڵدەگرێت، بەڵام پاداشتی خێر و سامان بەخشین بروو پێ دەدات و بەرەكەتی تێ دەخات بێگومان خوا هیچ كافرێكی تاوانباری خۆشناوێت .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ * فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ ﴾ [ البقرة : 278، 279 ] .

واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پارێزكارو خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن * خۆ ئەگەر وانەكەن، ئەوە جەنگ لەگەڵ خواو پێغەمبەرەكەیدا ڕابگەیەنن (كە سەرئەنجامەكەی زۆر سامناكە)، خۆ ئەگەر تەوبە بكەن و (لە سوو خۆری واز بهێنن) ئەوە تەنها سەرمایەكانتان بۆ هەیە وەری بگرنەوە، نە ستەم دەكەن (لە قەرزارەكان) نە ستەمتان لێ دەكرێت .

لەفەرموودەكانی پێغەمبەری خوایشدا زۆر بەتوندی هەڕەشە لە سوود و ڕیبا خۆران كراوە، ئەوەتا لەفەرموودەیەكدا هاتووەكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی :{ لعن الله آكل الربا وموكله وشاهده وكاتبه وهم سواء } [ رواه البخاري] واتا : نەفرینی خوا لەكەسی ڕیبا خۆرو ئەو كەسەشی ڕیباكەی بۆ دەخۆرێت –واتا : ڕیباكە دەدات –لەو كەسەشی شاهیدی گرێبەستی نێوانیانە، لەو كەسەشی گرێبەستەكەیان بۆ دەنوسێت .

هەروەها سوود وڕیبا خواردن یەكێكە لەو گوناهانەی كە بە گوناهە لەناوبەرەكان ناو دەبرێن وەك لەفەرموودەیەكدا هاتووە : عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: {اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ} [ رواه البخاري ومسلم ] .

واتا : ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : دوور بكەونەوە لە گوناهە لەناو بەرەكان، هاوەڵان ووتیان : ئەی پیغەمبەری خوا ئەو گوناهانە كامانەن ؟ ئەویش فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، و جادووكردن، وكوشتنی كەسی بێتاوان كە خوای گەورە كوشتنی حەرام كردبێت بە هەق ومافێك نەبێت، و خواردنی سوود وڕیبا، وخواردنی ماڵی هەتیوان، وپشتهەڵكردن لە ڕۆژی ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ بێباوەڕان، ووە تۆمەت هەڵبەستن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك .

كەواتە سوود و ڕیبا خواردن و وازنەهێنان لێی ڕاگەیاندنی جەنگە لەگەڵ پەروەردگاردا، خوای گەورە پەنامان بدات .

لە ڕووی سیاسەتی شەرعیشەوە وەك هەندێك بە بەڵگە دەیهێننەوە كە گوایە ئەوەی بۆ پێشەوا و وەلی ئەمری موسڵمانان دروستە بۆ تاكی خەڵكی دروست نیە، بۆیە دەڵێن گوایە ڕیبایەك كە حكومەت وەری بگرێت ناچێتە

چوار چێوەی ئەو نەهی و قەدەغەکردنەوەوە، بەڵام بەو کەسانە دەڵێین لە ڕووی سیاسەتی شەرعیشەوە هەر حەرامە چونکە کۆڵەکەیەکی زۆر گرنگی سیاسەتی شەرعی لەسەر ( تحقيق المصلحة العامة ) دامەزراوە، واتا : وەلی ئەمر و پێشەوای موسڵمانان دەبێت تەصەروفاتەکانی بە میزانی یەکەم : شەرع و دووەمیش: بە میزانی بەدەستهێنان و تەحقیق کردنی بەرژەوەندی گشتی بێت، وەك لە پێناسەی سیاسەتی شەرعی بە مانا تایبەتیەکەی کە لێرەدا مەبەستمانە زانایان ووتویانە : السياسة الشرعية : كل ما صدر عن أولي الأمر، من أحكام وإجراءات، منوطة بالمصلحة ، فيما لم يرد بشأنه دليل خاصّ ، متعيّن ، دون مخالفة للشريعة .

جا من دەپرسم ئایا تەحقیقی بەرژەوەندی گشتی هاوەڵاتیانی کوردستان لە کوێدایە کە بیکەیت بە ژێر قەرزێکی ( پرۆکێنەرەوە ) کە نەوەکانی داهاتویشمان لەژێری دەرنەچن ؟؟؟

سەرەڕای ئەوەی بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەو جۆرە سوود و ڕیبایەی کە لە سەردەمی زێرینی هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبووە و خوای گەورە وپیغەمبەرەکەی بە دەقی ڕۆشنی شەرعی حەرامیان کردووە، ئەم قەرز وەرگرتنە نیو دەوڵتیە جیاوازە، بەڵام لە کۆتاییەوە هەروای لێ دێت قەرزێکی جەماعیە و حکومەت بە نوینەرایەتی خەڵکی دەیکات و سەرەنجامەکەشی دانەوەیەتی بە سوود و زیادەیەکی زۆرەوە کە کۆیلایەتی هەموو خەڵکی کوردستانی لێدەکەویتەوە لەبەرامبەر زلهێزە نێو دەوڵەتیەکاندا ...

دەبێت زانیان لە بەرامبەر ئەم هەنگاوە زۆر مەترسیدارەی کە حکومەتی هەرێم دەیەویت بینێت دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوە، و خەڵکی هۆشیار بکەنەوە لە مەترسی ئەم قەرزە نێودەوڵتیانە، چونکە ئەگەر حکومەتی هەرێم بە فعلی ئەم هەنگاوەی نا و قەرزی لەیەکێك لە بانکە نێو دەوڵەتیەکان کرد لە ئایندەیەکی نزیکدا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئابووری کوردستان و پێدەچێت وەك شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن : خاك و سەرمایە سروشتیەکانی کوردستان وەك بیرە نەوتەکانی ببن بە موڵکی ئەو بانکانە ئەگەر هاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی ئەو قەرزانە بداتەوە ..

لەخوای گەورە داواکارین کە بەرپرسان هۆشیار بکاتەوە لەم مەترسیە و هەنگاوێکی لەو شێوەیە نەنێن .

خوای گەورەش زاناترە ..